# گەڕانەوە بۆ كوردستان گەڕانەوە بۆ تاراوگەیەكی دیكە



ئەمجەد شاكەلی

بەشی: چوارەم و كۆتایی

.ئەوەیشی لەدەرێی ئەو بازنەیەو دەچێتەوە كوردستان هەرگیز ئەو دیاردانەی، كە لەئەوروپا پێی ڕاهاتووەو لەگەڵیدا ژیاوە لەكوردستان نایانبینێتو تەنێ دەوڵەمەنتربوونی دەوڵەمەندانو دەسەڵاتداران، لەسەر حیسابی ئازارو دەردەسەریی هەژارانو چەوساندنەوەی هەژاران و جیاوازیی چینایەتیی و نەهامەتی خەڵكە هەژارەكەو داڕزاوییان دەبینێت. كە وڵاتێك وەها بێت، نابێتە وڵاتی هەمووان، بەڵكە وڵاتی سەرتەڵو دەستەبژارێكی هەلپەرستو كاسەلێسو خۆفرۆشو دزو قەڵەمفرۆشە، كە كا بەنێوی سیاسەتو نەتەوەو نیشتیمانپەروەریو كا بەنێوی ئابووریو پرۆژەو كا بەنێوی كاری فەرهەنگییەوە، كڵاو لەسەر یەك نەتەوەو یەك وڵات دەنێنو دەیدزنو دەیڕووتێننەوە. ئەوانە هێزو توانستو كۆمەكو هۆی مانەوەو بەردەوامییان بەدەسەڵاتەوە گرێ دراوەو دەسەڵاتە، هۆی ژیانیان بۆ دەستەبەر دەكاتو دەسەڵاتە، بۆ مەرامو ئارەزووەكانی خۆی بەكاریان دەباتو دەسەڵاتە، نەخشەكانی خۆی لەڕێگەی ئەوانەوە جێبەجێ دەكاتو دەیگەیەنێتە ئەنجام. ئەوانەو دەسەڵات تەواوكەری یەكدینو هەویری یەك درۆ هەڵدەشێلن. جۆرج ئۆروێل دەڵێ: "زمانی سیاسی، لەگەڵ جیاوازیی هەموو حیزبە سیاسییەكان، كە لەپارێزگارانەوە تا ئەناركیستان دەگرێتەوە، سوورە لەسەر ئەوەی درۆ وەك ڕاست ببینرێتو تاوان جێگەی ڕێزلێگرتن بێت". لەكوردستانی "ئازاد و دیموكرات"دا، سەرانی وڵات خاوەنی تەواوی سامانو دارایی وڵاتەكەنو تەواوی پارەوپوولی وڵاتیان لەژێر دەستدایەو هیچ كەسێك نازانێتو ناتوانێت بزانێت چەندیان هەیەو مووچەیان چەندە!. سەرانی كوردستان نەك هەر لەشارەكانی كوردستان، بەڵكە لەوڵاتانی دیكەیش خاوەنی دەیان خانوون. سەرانی كوردستان هەروا دەكەنو پارە دەبەشنەوەو بێشەرمانەش دەڵێن، كە لەپارەی تایبەتی خۆیان وەها كارێك دەكەن. سەرانی كوردستان لەهەموو پرۆژەیەكی ئابووریو وەگەڕخستنێكی سەرمایەدا، كە لەو وڵاتە دەكرێت، بێ ئەوەی یەك پوولیان لەئارادا دانابێت، نەك هەر هاوبەشی قازانجن، بەڵكە بەشە زۆرەكەیشی بۆ خۆیان دەبەن. دەسەڵات لەكوردستان درۆ لەگەڵ خەڵكی كوردستاندا دەكاتو هەمیشە سیاسەتی هەڵخەڵەتاندنی خەڵكی كورد پێڕۆ دەكاتو بەهیچ جۆرێك خواستەكانی گەلی كوردستان لەبەرچاو ناگرێتو پێچەوانەی ئەو خواستانە هەنگاو دەنێت. ئەگەر لەوڵاتانێكی دیكەی ئەم جیهانە خەڵك گومانی لەهەموو هەڵسوكەوتو كردارو گوتارێكی دەسەڵات هەبێتو هەمیشە دەسەڵات بە بەرپرس بزانێت لەهەموو شتێكداو هەردەم پرسیاری لەمەڕ هەموو بابەتێكەوە هەبێتو ئاڕاستەی دەسەڵاتی بكات، ئەوا كارەساتی هەرەمەزنیی كوردستانەكەی لەمەڕ ئێمە ئەوەیە، ئیدی بەگوێرەی توانست، چ بەزۆر، ڕووبەڕووبوونەوە بێت، یا بەهاتوهاوارو قیڕە قیڕو دەنگهەڵبڕینو خۆپێشاندانو ڕێپێوانو نووسین بێت، هیچ یەكێك ناپرسێتو دەسەڵات وەگیر ناهێنێتو تەنگ بەدەسەڵات هەڵناچنێتو پرسیاری ئاڕاستە ناكات. لەترسی نانبڕینو ماڵوێرانبوونو بەگێرەشێوێنو ئاژاوەگێر لەقەڵەم نەدان، كەس لەكوردستان ناوێرێت لەپێستی خۆیدا بجووڵێتەوە. دەسەڵاتدارانی كوردستان درۆ بەنرخی ڕاستیو تاوان وەك ڕێزلێگرتن بەخەڵكی كوردستان دەفرۆشنەوەو ئەوەی لەبازنەی خۆیاندا نییە، كە خەڵكی كوردە، دۆڕاوی ئەو بارو ڕەوشو ژیانەیەو ئەوەیشی بەرندەی یەكەمە لەتەواوی ئەو كایانەدا، دەسەڵاتداران خۆیانو ئەوانەن، كە لەبازنەی ئەواندا دەخولێنەوەو لەسەر خوانی ئەوان دەخۆنو دەخۆنەوە.

ساڵی 1992، دوو سێ ڕۆژێك دوای گەڕانەوەم لەسەفەرێكی كوردستان، لەكۆڵانەكەی خۆماندا تووشم بوو بەتووشی ئێلینۆر كالمهێدە "Ellinor Calmhede" وە، كە ژنێكی سوێدی نیشتەجێی گەڕەكی خۆمان بوو. ئێلینۆر زۆر بەگەرمیو دۆستانە باوەشی پێدا كردمو دوای بەخێرهێنانەوەمو پرسیار لەمەڕ كوردستانو چۆنیەتی سەفەرەكەم، پرسیاری ئەوەی لێكردن، هەست بەچی دەكەم، كە گەڕاومەتەوە بۆ سوێد. گوتم: " بەڕاستی هەست دەكەم گەڕاومەتەوە بۆ وڵاتی خۆمو كۆڵێكم پێ خۆشە، كە وڵاتێكم هەیە نێوی سوێدەو خۆیشم بەقەرزداری سوێد دەزانم، چونكە ساڵانێكە جێی كردوومەتەوەو پاراستوومیو چ جیاوازییەكیش لەنێوان خەڵكەكەیو مندا نەبووە. لەوێ لەكوردستان، وڵاتی نایەكسانیو ناڕەوایی، هەستم بەنامۆیی دەكردو هیچ هەستم بەئارامی نەدەكردو بیری ئێرەم دەكردو حەزم دەكرد بگەڕێمەوە ئێرە". گوتی: "پێمخۆشە، وا هەست دەكەیتو ئێرە بەوڵاتی خۆت دەزانیتو لێرە خۆت بەنامۆ نازانیتو وا بەڕاستیو ڕاشكاویش دەیڵێیت". ئیمام عەلی دەڵێ: "لیش بلد باحق من بلد، خیر البلاد ما حملك"، واتە: هەموو وڵاتێك بۆ جێژیان دەستدەداتو باشە، لێ باشترینیان ئەو وڵاتەیە، هەڵیگرتبێتو تۆ بەسەریەوە بیت، واتە: هیچ وڵاتێك لەوڵاتێكی دیكە لەپێشتر نییە، باشترین وڵات ئەو وڵاتەیە تۆ تێیدا خۆشگوزەرانو دڵنیاو ئارامیتو چ جیاوازییەك لەنێوان دانیشتووانیدا نییەو ناكرێت.

گرامشی، پێیوایە واقیعی جڤاكی بۆ خۆی، لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەردا دابەش دەبێت. بۆ خەڵكی سادەو چینو توێژەكانی پلیكانەی خوارێی جڤاك، هەمیشە فەرمانبەریو فەرمانییەكەیان وەبەر دەكەوێتو ئەوان نین، كە دەبنە فەرمانڕەوا. ئەو وڵاتەی چیلیایی، ئێریتریایی، چیكی، یۆگوسلاڤیا، توێژەكانی پلیكانەی خوارێی جڤاك، هەمیشە فەرمانبەریو بەرفەرمانییەكەیان وەبەر دەكەوێتو ئەوان نین، كە دەبنە فەرمانڕەوا. ئەو وڵاتەی چیلیایی، ئێریتریایی، چیكی، یۆگوسلاڤیایی، ڕووسیایی، پۆلۆنیایی، ڕۆمانیاییە سادەو پەراوێزنراوەكان بۆی گەڕانەوە، وڵاتگەلێك نەبوون بۆ هەمووان، بەڵكە وڵاتگەلێك بوون بۆ هەندێك دەستەو كەسو خەڵك.

هەرچەندە ڕەنگە مرۆڤی كورد لەتاراوگەشدا ئەوەی دەیەوێت پێی نەگاتو لەوێش وەك وڵاتەكەی خۆی هەر پەراوێزێنراوبێت، دەبێ ئەوەشمان لا ڕوون بێتو باش بزانین، كە كوردستانیش وڵاتێك نییە بۆ هەمووان، بەڵكە وڵاتێكە بۆ هەندێك كەسو دەستەو خەڵك، كەی بووە وڵاتێك بۆ هەمووان، ئەودەمی هی ئەوەیە خەڵك بۆی بگەڕێتەوە. كوردستان ئێستا بۆ خەڵكانی حیزبیو دەسەڵاتدارانی دزو چەپاوكەرو ساختەكارو سەرمایەدارانی چاوچنۆكو خۆپەرستەو ئەوەی لەوجۆرە مرۆڤانە نەبێت ئاو لەبەر بێڵی ناڕوات. من پێموایە گەڕانەوەی خەڵكانی ئاسایی لەهەندەرانەوە بۆ كوردستان، گەڕانەوەیە بۆ تاروگەیەكی دیكەی پرستەمو نایەكسانو نادادو چەوسێنەرو بەشخۆرو دەمكوتكەرو سەپێنەر. لۆركا دەڵێ: "نە من ئەو كەسەم كە هەبووم و نە ماڵەكەیشم ئەوەی جارانە". ئێمەی پەڕیوەی هەندەرانیش نە ئەوەین، كە بووینو نە كوردستانەكەشمان وڵاتی هەمووانە

1- {ئەنتۆنیۆ گرامشی ( Antonio Gramsci) گەورەترین تیۆریزانی كۆمۆنیستی ئیتالیایی. لەزیندانەكانی مۆسۆلینی فاشیستدا كۆچی دوایی كرد}.

2- { فیدێریكۆ گارسیا لۆركا " Federico Garcia Lorca "، شاعیری مەزنی ئیسپانیا، لەجەنگی نێوخۆی ئیسپانیادا لەلایەن فاشیستو ناسیۆنالیستانەوە شەهیدكرا

3- {ئیلینۆر كالمهێدە "Ellinor Calmhede"، هاوكاری (سوعاد)ی خێزانم بوو لەو زارۆكخانەیەی گەڕەكی خۆمان پێكەوە وەك مامۆستا كاریان دەكرد. ژنێكی تابلێی ڕوحسووكو ئێسكسووكو ڕووخۆشو مرۆڤدۆستو دڵپاكو زمانشیرین بوو. لە مانگی یوولی 2005 دا دوای نەخۆشییەكی درێژخایەنی شێرپەنجە، كۆچی دوایی كردو لەئۆوگوستیی 2005دا لەگۆڕستانی گەڕەكی سۆللنتونیا (sollentuna) تەرمەكەیان لەسەر وەسیەتی خۆی سووتاندو خۆڵەمێشەكەیشیان پژاندە سەر گوڵوگیای جێگەیەكی تایبەتی ئەو گۆڕستانەدا، كە بۆ خەڵكانی سووتێنراو دانراوە. یادی بەخێرو ڕەوانی شاد بێت.}

## بۆ بەرچاوی سەرۆكی حكومەتی هەرێم

# باری كەسێتی گوێڕ: خزمەتێكی زۆرو فەرمانگەیەكی فەرامۆشكراو

ئا/ فەرمان محەمەد

گوێڕ یەكێكە لەو ناحیانەی كە ڕژێمی بەعس بە درێژایی تەمەنی خۆی هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای دەدا، سیاسەتی بە عەرەبكردنی تێدا پەیڕەو دەكرد، لەدوای ڕاپەڕینی 1991 ەوە لەهەولێری دابڕاندو بە پارێزگاری موسڵی لكاند. دوای ڕوخانی بەعس خەڵكی ناوچەكە هیواخوازبوون كە ناحیەكەیان بگەڕێتەوە سەر پارێزگاری هەولێر، لێ لەسایەی دەستەڵاتدارانی عێراقخوازەوە تاكو ئێستا نەگوێڕ بۆ باوەشی هەولێر گەڕاوەتەوە نە وەكو پێویستیش لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە ئاوڕی لێدراوەتەوە. كاتێ ڕێت دەكەوێتە ئەم ناحیەیە هەست دەكەیت لەوڵاتێكی ئەفریقای هەژار دایت. بازاڕو شەقامەكانی لەنێو زبڵو پاشماوەی خۆڵو خاشاكدا نغرۆبووە. شەقامەكان كۆنن، كۆسپو قلێشاوەكانیان ڕێگەت لێدەگرن. ئەوەی لەم شارەدا وەكو زیندوو دێتە بەرچاوان تەنیا بارەگای هەردوو لایەنە دەستەڵاتدارەكەی باشووری كوردستانە، ئەوانیش ئەو بینایانەن كە فەرمانگەی دەوڵەتینو لەلایەن ئەوانەوە داگیركراونو ڕازاندراونەتەوە. مەبەست لەم كورتە نووسینەدا تەنیا فەرمانگەی باری كەسێتی گوێڕە، ئەگەرنا باسكردن لەناحیەی گوێڕو كەموكوڕیەكانو پێشێلكاریەكانو دروستكردنی خانووی زێدەڕۆ، نووسینی زۆر هەڵدەگرن، ئەگەر بۆمان لوا لەداهاتوودا باسیان لێوە دەكەین.

دوای ڕوخانی ڕژێم لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئیدارەی هەولێرەوە فەرمانگەی باری كەسێتی گوێڕ گلدرایەوەو فەرمانبەری بۆ ڕەوانەكرا. لەنزیك بنكەی پۆلیسی گوێڕ، ژوورێكی بچووك كە تەنیا چەند مەترێك دەبوو بۆ فەرمانگەی باری كەسێتی گوێڕ تەرخان كرا، ژوورێك زیاتر لەچادرێكی ڕەوەندان دەچوو، هیچ سیمای فەرمانگەی دەوڵەتی نەدەدا، بەڵام كارێكی یەكجار زۆریان خرابووە ئەستۆ، تەنیا دوو فەرمانبەریشی بۆ دابین كرابوو. فەرمانبەرەكانیش لە دەرەوەی گوێڕ دەهاتن. سنووری دەستەڵاتی ناحیەی گوێڕ بۆخۆی فراوانەو سەدان گوند دەگرێتەوە، وێڕای ئەوەش تەواوی ئەو كەسانەی لەبنچینەدا خەڵكی ناوچەكەبوونو لەشارەكانی دیكەدا گیرسابوونەوە، چ ئەوانەی ڕژێمی بەعس دەری كردبوون، چ ئەوانەی بۆخۆیان ناوچەكەیان چۆڵكردبوو، بە بڕیارێكی حكومەتی هەرێم پەروەندەكانیان ڕەوانەی ناحیەی گوێڕ كرایەوە. بەم شێوەیە ئەركێكی لەرادەبەدەر خرایە ئەستۆی فەرمانگەی باری كەسێتی گوێڕەوە. دەبووایە پەروەندەی تایبەت بۆ ئەو دروست بكرێت كە ژیانی هاوسەرێتیان پێكهێناوەو منداڵیان بووە، یان ئەوانەی مردوونو لەژیاندا نەماون، وێڕای ئەو هەموو ئەركە قورسو گرانە فەرمانبەرانی فەرمانگەی باری كەسێتی زۆر ئازایانە درێژەیان بەكارەكانی خۆیان داو ڕۆژانە لەكاتژمێر 8ی بەیانی تا 4ی ئێوارە كاریان دەكرد، هەندێ ڕۆژ چونكە خەڵكی زۆر ڕوویان تێدەكردن، ناچار دەبوون تا كاتژمێر 6ی ئێوارە بمێننەوە. مخابن ئەوكاتیش لایەنی پەیوەندیدار ئاوڕی لەو فەرمانبەرە ماندوو نەناسانە نەدەدایەوەو پێویستیەكانی بۆ فەراهەم نەدەكردن. هەرچۆنی بوو دوای ئەوەی بنكەی پۆلیسی گوێڕ بۆ شوێنێكی دیكە گوازرایەوە، ئەو بینایە بە فەرمانگەی باری كەسێتی درا. لەم ڕۆژانە بۆ كارێكی پێویست ڕێم كەوتە ئەو فەرمانگەیە، هەر بەڕاستی سەرم سووڕما، چونكە ئێستاش لەم فەرمانگەیەدا وەكو سەردەمی پێشمەرگایەتی لەژوورێكی شێوە ئەشكەوتدا كار دەكرێت. هیچ تابلۆی لەسەر نیە، مەگەر بە پرسیار بیدۆزیتەوە.

بینایەكە ساڵی 1962 دروستكراوەو نۆژەن نەكراوەتەوە. تەواو كۆن بووەو بەكەلكی ئەوە نایەت بەم شێوەیە كاری تێدا بكرێت. فەرمانگەی باری كەسێتی لەژوورێكی بچووكدا كۆبوونەتەوە، ژوورەكە تەنیا 3 مێزی كۆنو سێ كورسیو 4 دۆلابی تێدایەو بەس، ژوورەكە لەئەشكەوتێكی تەمگرتوو دەچێت، لەزۆر لاوە تەونی جالجالۆكە شۆڕبۆتەوە. سێ فەرمانبەرەكەی باری كەسێتی دووانیان لەقەزای خەبات دەژینو ئەوی دیكەشیان دانیشتووی شاری هەولێرە، ڕۆژانە ئەو سێ فەرمانبەرە ماندوو نەناسە دەبێ دەست بۆ شۆفێرەكان بەرزبكەنەوە تاوەكو دەیانگەیەننە گوێڕ، دوای تەواوبوونی دەوامیش بەهەمان شێوە دەبێ خەمی ئەوە بخۆن كە چۆن ئۆتۆمۆبیلێك پەیدا بكەنو بگەڕێنەوە ماڵەكانی خۆیان. ئەوانەی بۆ كاری پێویست ڕێیان دەكەوێتە ئەم فەرمانگەیە دەبێ بەپێوە بوەستن، چونكە ژووری چاوەڕوانیو شوێنی دانیشتنی تێدانیە، تەنانەت تەوالیتەكەشی پڕ بۆتەوەو سوودی لێوەرناگیرێت. سەیرتر ئەوەیە ئەم فەرمانگەیە هیچ پاسەوانو پاككەرەوەیەكی تێدا نیە. سێ فەرمانبەرەكە ڕۆڵی هەموو كەسەكان دەبینن. خۆیان ناچاربوونە كە مشووری داخستنی دەرگای فەرمانگەكە بخۆن، هەر خۆیان قوفڵیان بۆ دروست كردووە، لەهەندێ ڕۆژانی هەینیش ناچارن كە هاوسەرەكانی خۆیان ببەنو فەرمانگەكە پاك بكەنەوە. لێرەدا ڕستەیەك پرسیار قووت دەبێتەوە..

1- ئایا حكومەتی هەرێم توانای ئەوەی نیە كە بینایەكە نۆژەن بكاتەوە؟!.

2- ئایا حكومەتی هەرێم پارەی ئەوەی نیە چەند پاسەوانو پاككەرەوەیەك بۆفەرمانگەی باری كەسێتی دابمەزرێنێت؟!، لەكاتێكدا سەدان كەس بە پسوولەو پاڵپشتی حزب لەسەر میلاكی هێزەكانی ناوەخۆ دامەزرێندراونو مووچە وەردەگرنو لەهیچ شوێنێكیش دەوام ناكەن.

3- ئایا حكومەتی هەرێم ناتوانێت ئۆتۆمۆبیلێك بۆ فەرمانگەی باری كەسێتی گوێڕ تەرخان بكات، تاوەكو ئەو سێ فەرمانبەرە ڕۆژانە بەبێ گرفتو كێشە بتوانن بگەنە فەرمانگەكەی خۆیان؟!.

4- ئایا بۆ حكومەتو بۆ فەرمانبەرانی ئێستای فەرمانگەكە باشتر نیە كە چەند فەرمانبەرێكی دیكە لەخەڵكی ناحیەكە دابمەزرێنن تاوەكو بتوانن بەئاسانیو بەبێ گرفت بگەنە شوێنی كارەكەیان؟!.

5- بۆچی حزبەكان دەتوانن بارەگاكانی خۆیان نۆژەن بكەنەوە، یان چۆن پارەی ئەوەیان هەیە كە بینای تازە دروست بكەنو بە تابلۆی جوان بیانڕازێننەوەو ئاڵای حزبو حكومەتی لەسەر هەڵبكەن، بەڵام چاویان ئەو فەرمانگەیە نابینێو ئامادە نین كە بڕێك پارەی بۆ تەرخان بكەنو نۆژەنی بكەنەوەو بە تابلۆیەكی جوان لەسەری بنووسن فەرمانگەی باری كەسێتی گوێڕ؟!.

6- ئەمڕۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان بودجەی تایبەتی خۆی هەیە، ئایا ناتوانێ لەو بودجەیەدا بڕێك پارە بۆ ئاوەدانكردنەوەی ئەو فەرمانگەیە تەرخان بكات؟!. جاران بیانۆی ئەوە دەهێنرایەوە كە حكومەت ساوایەو لەسەر باجو گومرگدا دەژیتو خەڵكیش ناویان نابوو حكومەتی هەربێنە، بەڵام ئەمڕۆ حكومەتی هەرێم دەوڵەمەندەو لەسایەی ئەوەوە بەهەزاران كەس بوونەتە سەرمایەدارو گیرفانی خۆیان پڕكردووە، ئەمڕۆ بیانۆی نەبوونیو بێپارەیی لەئارادانیە، كەواتە كێشەكە لەشوێنی دیكەوە سەرچاوەی گرتووە.

7- فەرمانگەی باری كەسێتی فەرمانگەیەكی خزمەتگوزارە، بۆ ڕاپەڕاندی كاروباری خەڵك دەست بەكارەو ئاوڕی لێنادرێتەوە، بەڵام بارەگای حزبەكان خزمەتگوزار نینو مشەخۆریشن كەچی پاسەوانو پاككەرەوەو چێشتلێنەرو دەیان كارمەندی دیكەیان هەیە، ئایا ئەمە بانێكو دوو هەوا نیە؟!.

8- تۆ بڵێی بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕو پارێزگاری هەولێرو سەرۆكی حكومەتی هەرێم ئاگایان لەو فەرمانگەیە فەرامۆشكراوە نەبێت؟!. تۆ بڵێیت هەر بە ڕێكەوت ئەو هەموو ئەركە ڕووبەڕووی سێ فەرمانبەری ماندوو نەناس كرابێتەوە؟!.

لەكۆتاییدا هیواخوازم كە لایەنی پەیوەندیدار بەزوویی ئاوڕ لەو فەرمانگەیە بداتەوەو پێداویستیەكانیان بۆ دابین بكات.

# بۆ بەڕێز وەزیری دادی حكومەتی هەرێمی كوردستان

كاتژمێر 11ی ڕۆژی 26-4-2006 لەنێو بازاڕی تەیراوەی شاری هەولێردا كۆمەڵێك پۆلیس بەبیانۆی ئەوەی شەڕی بەژنان فرۆشتووە، پیاوێكی بەساڵاچوویان قۆڵبەست كرد كە جلی كوردی لەبەردابوو. كابرا شێوەی لەو كەسانە نەدەچوو كە شەڕ بەژنان دەفرۆشن، تەمەنی لەسەرووی 60 ساڵانەوە دەبوو، بەڵام دیسانەوە كەلەپچەیان لەدەست كرد، دواتر لەبەردەم خەڵككە جنێوبارانیان كرد. لەوانەیە تا ئێرە شێوەیەكی ئاسایی هەبێ، بەڵام بەداخەوە ئەو كۆمەڵە پۆلیسە دوور لەڕەوشتی پۆلیس كە ئەركی پاراستنی سەرو ماڵی خەڵكو چەسپاندنی یاسایان هەیە، بەشێوەیەكی زۆر دڕندانە كەوتنە وێزەی ئەو پیاوە، بەدۆنكی، بەشەپازللەو بەپێلەقەو بەقامچی زۆریان لەو پیاوەداو لەچەند شوێندا سەریان شكاند. لەكاتێكدا خوێن لەسەرو گوێلاكی دەچۆڕایەوە، كابرا دەپاڕایەوەو نكۆڵی لەو تۆمەتە دەكرد، بەڵام ئەوان شێتگیرانەتر لێیان دەدا، ئەوەندەیان لێدا تا بوورایەوەو كەوتە سەرزەوی. لەو كاتەدا خێزانێكی كورد كە لەئەوروپا گەڕابوونەوەو شاهیدی ئەو ڕووداوەبوونو بە بەرچاوی ئەوانەوە پیاوەكە لەلایەن پۆلیسەوە داركاری كرا، دەستیان بەگریان كرد، منداڵەكانی ئەو خێزانە پڕ بەدەنگ هاواریان دەكردو داكۆكیان لەو پیاوە دەكرد، ئەوەی نەشارەزابووایە وای دەزانی دەیناسن، بەڵام لەراستیدا بەزەییان بەو پیاوە دەهاتەوەو لەڕەوشتی پۆلیسیش سەریان سوڕمابوو. لێرەدا مافی خۆمانە بپرسین بۆچی پۆلیس دەستەڵاتی ئەوەی پێدرابێ كە هاوزمانو هاوخوێنێكی خۆی بەبەرچاوی خەڵكو لەنێو بازاڕی گشتیدا داركاری بكاو ئەوەندەی لێبدا تا دەبوورێتەوە؟!. ئایا دادگە یان وەزارەتی ناوەخۆ ئەو دەستەڵاتەی بە پۆلیس داوە كە بەبێ لێپرسینەوەو ڕاگرتن لەبەردەم دادوەردا سزای تۆمەتبار بدات؟!. ئایا بەگوێرەی یاسا كەسێ بێ ئەوەی تاوانەكەی بسەلمێندرێ بە تاوانبار دادەنرێ؟!. گریمان كابرا تۆمەتبارو تاوانباریش بوو، بەڵام ئایا یاسای هەرێمی كوردستان ڕێگە بەپۆلیس دەدات بەربێتە گیانی خەڵكو لەشوێنی گشتیدا سووكایەتی پێبكاتو ڕیسوای بكات؟!. ئەگەر لەشوێنی گشتیو بەبەرچاوی خەڵكەوە ئاوا ڕەفتار لەگەڵ تۆمەتبارو وڵاتیاندا بكرێ، ئایا لەبنكەكانی پۆلیسو لەشوێنی لێپرسینەوەو لەزیندانەكاندا بە چ شێوازێك ڕەفتار لەگەڵ گیراوەكاندا دەكرێ؟!.

ئەو دیمەنە هێندە قێزەونو دڕندانە بوو دەكرێ ناوی داپلۆسینو سەركوتكەری لێبنێین. نەوەك من وەك ڕۆژنامەنووسێك بەڵكو تەواوی ئەو خەڵكانەی لەو شوێنە ئامادەبوونو ئاگایان لەو سووكایەتی پێكردنەدا هەبوو، داخبارو نیگەران بوون. من دڵنیام ئەمە یەكەمین كارو دوایین كاری پۆلیس نابێ، بۆیە داواكارم كە بەڕێزتانو وەزیری ناوەخۆو بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەرێمی كوردستان بڕیارێك بدەنو لەخۆڕاوە خەڵك وەك پۆلیس دانەمەزرێندرێنو بەبێ ڕێنوێنیو ئامۆژگاریو شارەزانەبوون لەیاسا ڕەوانەی نێو شار نەكرێنو لەگیانی خەڵكی بەرنەدرێن.

**پەیامنێری ڕۆژی گەل**